ئینجیل بۆ منداڵان



# نوح و لافاوە زەبەلاحەکە

Edward Hughes :نوسراوە لەلایەن

Byron Unger; Lazarus :ڕوونکراوەتەوە لەلایەن
Alastair Paterson

M. Maillot; Tammy S. :ڕێکخراوە لەلایەن

christian-translation.com :وەرگێڕدراوە لەلایەن

Bible for Children :بەرهەم هێنراوە لەلایەن
www.M1914.org

©2020 Bible for Children, Inc.
مۆڵەت: تۆ مافی ئەوەت هەیە کە ئەم چیرۆکە پرێنت یاخود کۆپی بکەیت، بەو پێیەی کە تۆ نەیفرۆشیتەوە بە پارە.

نوح پیاوێك بوو كە عیبادەتی
خودای دەكرد.  هەموو كەسێكی
تر ڕق و بێگوێیی خودایان
دەكرد.  ڕۆژێكیان، خودا شتێكی
زۆر چاوەڕواننەكراوی وت.



"من ئەم جیهانە
قێزەونە
تێك دەشكێنم،" خودا بە
نوحی گوت.

"تەنها خێزانەكەت
دەربازیان دەبێت."




خودا نوحی ئاگادار کردەوە کە لافاوێکی گەورە
دێت و سەرزەوی دادەپۆشێت.  "کەشتیەکی تەختە
درووست بکە، کەشتیەکی ئەوندە گەورە بێت
خێزانەکەت و زۆرێك لە ئاژەڵەکان تێیدا جێگە
ببێتەوە،" نوح فەرمانەکەی جێبەجێکرد.
خودا ڕێك ئەو
زانیاریانەی
دا بە
نوح. نوح
سەرقاڵ
بوو!


ڕەنگە خەڵك گاڵتەیان بە
نوح کردبێت کاتێك نوح
بۆی ڕوون دەکردنەوە
کەبۆچی ئەو
کەشتیەکە
درووست
دەکات.  نوح
بەردەوام بوو لە
درووستکردن.  هەروەها ئەو
بەردەوام بوو لە باسکردنی
خودا بۆ خەڵك هیچ کەس
گوێی نەگرت.



نوح باوەڕێکی مەزنی
هەبوو.  ئەو بڕوای بەخودا
دەکرد ئەگەرچی پێشووتر
باران نەدەباری.  بەزوویی
کەشتییەکە ئامادە بوو بۆ ئەوەی
شتەکانی بخرێتەسەر.

ئێستا ئاژەڵەکان هاتن. خودا حەوت لە هەندێك لە
خۆشۆکەکان هێنا، دوو لەوانی تر. باڵندە گەورەکان و
بچوکەکان، ئاژەڵە بچوکەکان و درێژەکان کەوتنەڕێ
بۆ سەر بەلەمەکە.



ڕەنگە خەڵکەکە هاواریان دەکرد و سوکایەتیان بە نوح دەکرد لەو کاتەی کە ئاژەڵەکانی باردەکرد.  ئەوان لە تاوان کردن لە دژی خوا نەدەوەستان.  ئەوان نەیان دەپرسی کە بڕۆنە ناو کەشتییەکە.




له کۆتاییدا، هەموو ئاژەڵەکان
و باڵندەکان دەرچوون.
"وەرە ناو
کەشتییەکە،"
خودا بە نوحی
گوت.  "خۆت و
خێزانەکەت."  نوح،
خێزانەکەی، سێ کوڕەکەی
و ژنەکانیان هاتنە ناو کەشتییەکە.
دواتر خودا دەرگاکەی داخست!



دواتر بارانەکە هات.
بارانێکی زۆر بەخووڕ
زەویەکەی خنکاند کە بۆ ماوەی
چل ڕۆژ و چل شەو باران
دەباری.



بارانە بەخوڕەکە
بەسەر شار
و دێهاتەکاندا
دەباری. کاتێك کە
بارانەکە وەستا، تەنانەت شاخەکانیش لە
ژێر ئاودا بوون. هەر شتێك کە هەناسەی
دابێت بەهەوا مرد.



وەك ئەوەی کە ئاوەکە بەرز
دەبووەوە، کەشتیەکەش
دەچووە سەرئاوەکە.  ڕەنگە
لە ناوەوە تاریك بووبێت،
ڕەنگە کۆسپاوی بوبێت،
ڕەنگە تەنانەت ترسناکیش
بووبێت.  بەڵام کەشتیەکە
نوحی پاراست لە لافاوەکە.



دوای پێنج مانگ لە لافاو، خودا هەوایەکی وشك کەرەوەی نارد.  بەهێواشی، کەشتیەکە هاتە لای بەرزایی شاخی ئاراراتەوە.

نوح بۆ ماوەی چل ساڵی تر لە ناو کەشتیەکەیدا مایەوە هەرچەندە

ئاوەکە بەرەو کەمی دەڕۆشت.

نوح قەلەڕەش و کۆترێکی دەنارده دەرەوە لە ڕێگەی
پەنجەرەیەکی کراوەی کەشتیەکەوە.  نەیان دەتوانی شوێنێکی
وشك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی پشووی تێدا بدەن، کۆترەکە
دەگەڕایەوە بۆ لای نوح.



هەفتەیەك دواتر، نوح دوبارە
هەوڵی دایەوە. کۆترەکە
گەڕایەوە لەگەڵ گەڵای داری
زەیتوون کە بە دەمی هەڵیگرتبوو.
هەفتەی دواتر نوح دەیزانی کە
زەوی ووشك بووەتەوە لەبەرئەوەی
کۆترەکە نەگەڕایەوە.

خودا بە نوحی وت ئەوە کاتی ئەوەبوو
کە کەشتیەکە جێبهێڵێت.  پێکەوە، نوح و
خێزانەکەی ئاژەڵەکانیان داگرت.





دەبێت نوح
چەندێك هەستی
بەخۆشی کردبێت!  ئەو
پەناگەیەکی درووستکرد و
خودا پەرستی تێدا دەکرد کە
ئەو و خێزانەکەی پاراست
لەو لافاوە ترسناکە.



خودا بەڵێنێکی زۆر
مەزنی بە نوح دا.
هەرگیز جارێکی تر
لافاو نانارێت بۆ ئەوەی
سزای تاوانەکانی مرۆڤ بدات.

خودا وەبیر
هێنانەوەیەکی مەزنی
بەڵێنەکەی پێشکەشکرد.
پەلکەزێڕینەکە نیشانەی
بەڵێنەکەی خودا بوو.



نوح و خێزانەکەی دەستپێکێکی تازەیان دەست پێکرد لەدوای لافاوەکە. لەو کاتەدا، نەوەکانی دیسان سەرزەویان پڕکردەوە لە خەڵك. هەموو نەتەوەکانی جیهان لە نوحەو و منداڵەکانیانەوە هاتوون.

# نوح و لافاوە زەبەلاحەکە

چیرۆکێك لە قسەی خوداوە، ئەم ئینجیلە،

دۆزراوەتەوە لە

بنەڕەتی6-10

"چونە ژوورەوەی ئەو ووشانەی کە ڕۆشنایی
دەبەخشێت." پسالم 130:119

کۆتایی

ئەم چیرۆکی ئینجیلە پێمان دەڵێت دەربارەی خودا
سەرسوڕهێنەرەکەمان کە ئەو وای لێکردوین و دەیەوێت کە بیناسیت.

خودا دەزانیت کە ئێمە شتی خراپمان کردووە، کە ئەو پێی دەڵێت تاوان. سزای تاوان مردنە، بەڵام خودا زۆر تۆی خۆشدەوێت، ئەو تاکە کوڕەکەی ناردووە، عیسا، بۆ ئەوەی بە لە خاچدان بمرێت و سزابدرێت لەبەر تاوانەکانت. دواتر عیسا گەڕایەوە بۆ ژیان و گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی بۆ بەهەشت! ئەگەر باوەڕت بە عیسا هەیە و داوای لێبکە کە لە تاوانەکانت خۆش ببێت، ئەو لێت خۆش دەبێت! ئەو ئێستا دێت و لەناو تۆدا دەژی، و تۆ بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ ئەو دەژیت.

ئەگەر بڕوات وایە کە ئەمە ڕاستییەکەیە، ئەمە بڵی بۆ خودا:
عیسای بەڕێز، بڕوام وایە کە تۆ خودایت، و دەبیتە ئەو پیاوەی کە بمریت لە پیناو تاوانەکانمان، و ئێستا تۆ دوبارە دەژیتەوە. تکایە وەرە ژیانمەوە و لە گوناهەکانم خۆش ببە، لەبەرئەوە ئیتر دەتوانم ژیانێکی تازەم هەبێت، و ڕۆژێك دێت کە بۆ هەتا هەتا لەگەڵ تۆ بم. یارمەتیم بدە کە گوێ ڕایەڵیی تۆ بکەم و بژیم بۆ تۆ وەکو منداڵێکت. ئامین

ئینجیل بخوێنەوە و قسە لەگەڵ خودا بکە هەموو ڕۆژێك! جۆن 16:3